

٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پارتی دیموکراتی کوردستان

# وەرزش بوارێکی گرنگ و بایەخدانی بەردەوام

٧٦ ✓

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك گەورەترن حزبی کوردستان و لایەنێکی کاریگەریی سیاسی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەبایەخدان بەبواری وەرزشی، سەرۆك مسعود بارزانی لەوتەیەکی بەنرخدا دەڵێ: رۆڵی وەرزش لەهیچ لایەنێکی سیاسی کەمتر نییە بۆ ناساندنی گەلی کورد بەجیهان .

لەم وتە بەنرخەوە گرنگیی وەرزش و بزاڤی وەرزشی لەلایەن پارتی و سەرکردایەتی پارتییەوە بەدیار دەکەوێت، لەگەڵ هەموو پشتگیری بۆ وەرزش و وەرزشوانان و یانەکان کە بووە هۆکاری ئەوەی تیپەکانی کوردستان ببنە خاوەن چەندین دەسکەوت و نازناو لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخێکی تایبەتی داوە بەژێرخانی وەرزش لە دروستکردنی یاریگا وهۆڵی وەرزشی و نۆژەنکردنەوەی یاریگاکان .


ساڵانێکی درێژخایەن کوردستان بێ بەش بوو لە یاریگایەك کە شایستەی یاریکردن بێت، یانەکانی کوردستان یاریگایان نەبوو ئەگەر خاوەن یاریگایەکیش بووبن، ئەوا یاریگایەکی کۆن و بێ پەیژە وخزمەتگوزاری بوو، زۆربەی یاریگا میللییەکان یاریگای خۆڵاوی بوون، لەرووی تەندروستییەوە یاریگاکان شایستە نەبوون، هەروەها کاریگەری لەسەر ژینگە زۆر بوو، بۆیە بیرکردنەوە لەژێرخانێکی وەرزشی بەهێز جێگای بایەخی سەرکردایەتیی پارتی بووە، یاریگای خۆجێیەتی هەولێر (یاریگای فرەنسۆ هەریری) تاکە یاریگا بوو لەپایتەختی هەرێم، لەکاتی یارییەکاندا هاندەران نەیاندەزانی چۆن سەیری یارییەکان بکەن، چۆن لەناو یاریگا دابنیشن، پەیژەکان زۆر کۆن بوون، بە زۆر جێگای چەند هەزارێك دەبۆوە، شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری بیری لە نۆژەنکردنەوەی ئەم یاریگایە کردەوە تا گەیشتە ئەو شێوازەی ئێستا دەیبینین، ئەم یاریگایە شوێنی زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسی تێدا دەبێت کە هەموویان لەسەر کورسی دادەنیشن، لەگەڵ جێگای (vip) کە لەگەڵ مەرجەکانی یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی دەگونجێت، ئەم یاریگایە میوانداری چەندین یاریی مێژوویی کردووە وەك یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا لەساڵی ٢٠١٢، میوانداریکردنی جامی ڤیڤا بۆ هەڵبژاردەی هەرێمەکان، میوانداریی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لەپاڵاوتنی مۆندیالی ٢٠١٤، میوانداریی یارییەکانی پاڵاوتنی جامی لاوانی ئاسیا، لەهەموو ئەو بۆنانەش سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە، لە دوای یاریگای فرەنسۆ هەریری یاریگای یانەی دهۆك و زاخۆ وچەندین یاریگای دیکە دروست کراون، ئەم ژێرخانە بەهێزە وای کردووە کە یانەکانی باشوور روو لە کوردستان بکەن بۆ ئەنجامدانی ئۆردوگای مەشق وراهێنان.

بایەخدانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا بەیاریگاکانی تۆپی پێ نەبوون، بەڵکو هەرێمی کوردستان ئێستا خاوەن چەندین هۆڵ ویاریگای داخراوە، کە میوانداری چەند پاڵەوانیەتیی لەسەر ئاستی ئاسیا و وڵاتانی عەرەبی کردووە، وەك هۆڵی داخراوی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە دهۆك کە هۆڵێکی مۆدێرینی پێشکەوتووە و میوانداری

**پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە بووژاندنەوەو پەرەسەندنی بواری وەرزشی لەکوردستاندا بەتایبەتیش ئەو پەرەسەندن و بووژانەوە وەرزشییەی لە شاری هەولێر دروست بووە، لە ئێستادا ژێرخانێکی وەرزشی شیاو لە هەولێر بوونی هەیە**

٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق





جامی خۆرئاوای ئاســیای کردووە لە یاریی باسکە وچەندین پاڵەوانییەتی دیکە، ئێستاش چەندین هۆڵی دیکە لە قۆناغی دروستکردندان وەك هۆڵێکی وەرزشی بۆ یانەی هەولێر بە ستانداردی جیهانی.

بایەخدانــی پارتــی بە وەرزش ســنووری نەبووە هەردەم پاڵپشــتی یانەکانی کردووە چ لە رووی داراییـــەوە یان لە رووی پشتگیریی مەعنەوییەوە لە هەموو سەرکەوتنەکانی یانەکان پشتگیر و خۆشحاڵ بووە، سەرکەوتنی یانەکان و وەرزشوانەکانی بە سەرکەوتنی گەلی کورد داناوە، پێشوازی لە پاڵەوانان کردووە و رێزی لێ گرتوون، بایەخ بەو وەرزشوانانە دەدات کە ژیانی خۆیان تەرخانکردووە لە خزمەتی بزاڤی وەرزشی کوردستان .

پارتی دیموکراتی کوردستان هەردەم ئەو راستییە دەزانێت کە وەرزش تێکەڵ بووە لەگەڵ هەست و ئارەزووی لاوان، رێکخراوی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەخەمی ئەم ئارەزووەدا بوو، لێرەدا بیرۆکەی یاریگای بچووکی تۆپی پێ هاتە ئاراوە، زۆربەی گەڕەکەکان بێ یاریگا بوون، لەرێگای جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە ئێســتا لەهەموو گەڕەکی شــارەکان و لەسەرجەم شــارۆچکە وگوند ولادێیەکان یاریگای چیمەنی دەســتکرد دروســتکراوە و لاوان بە ئارەزووی خۆیان بەرۆژ و بەشەو یاری دەکەن، ئەم پرۆژانەش بۆتە مایەی خۆشحاڵیی لاوان، هەروەها بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لاوان لەکەش و هەوایەکی تەندروست یارییەکان ئەنجام بدەن .

**دروست کردنی ٢٤یاریگا**

لە شــاری هەولێر لەلایەن رێکخراوی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردســتانی ســەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٤ یاریگای شــەش یاریزانی دەســتکرد دروســت کراوە، تەنیا لە سەنتەری شــار لەگەڵ ٢ یاریگای یازدە یاریزانی، لەم ٢٦ یاریگایەش مانگانە زیاتر لە نیو ملیۆن وەرزشکار لە یاریی جۆراوجۆر لێی سوودمەند دەبن.

**یانەی هەولێرو بەشداری کردن لە جامی ئاسیا**

یانەی هەولێر بۆ پێنجەم ساڵە لەسەر یەك بەشداری لە یارییەکانی جامی یەکێتیی یانەکانی ئاسیا و جامی عەرەب دەکات

٧٦

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**

## لە چەند ساڵی رابردوودا لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر ١٨٦ یاریگا و هۆڵی وەرزشی گەورە و بچووک و ناوەندی دروستکراون و نۆژەنکراونەتەوە

## بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وەرزش لەڕێگەی بایەخدان بە ناوەندەکانی خوێندنی وەرزشی و دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەنێوان وەرزشی کوردستان و ناوچەکە و جیهان



و دەرگایەکی باشـــی کردۆتەوە بە رووی فیفاوە بۆ هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان و هاوکاری کردنی تیپەکان بەبەردەوام و دروست کردنی هەماهەنگی لەگەڵ تیپەکاندا، ئەم ساڵیش شـــاندی فیفا سەردانی هەردوو شاری هەولێرو دهۆکی کرد بەمەبەســـتی گێڕانەوەی یارییەکانی جامی یانەکانی ئاسیا بۆ شاری هەولێر.

هەروەهـــا یانەی هەولێـــر توانیویەتی چـــوار جار جامی خولی یانەی پلە نایابەکانی عێراق بباتەوە و ئەمســـاڵیش لە پێشەنگی یانەکانی عێراقە ئەم دەسکەوتانەی یانەی هەولێر لە یارییە جیاجیاکان دوای پاڵپشتی و هاوکارییەکی تەواوی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دێت.

هـــەردوو لیســـتی پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان ٢١٣ بۆ ئەنجومەنـــی نوێنەرانی عیراق و ٧٦ بـــۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانـــی هەرێمی کوردســـتان بواری وەرزشـــیان لە پێشەنگی بوارەکانی بەرنامەی کاریان داناوە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتـــی ئەم لایەنە زیندووەی ژیانـــی رۆژانە بکەن بۆیە پێویستە وەرزشوانان دەنگ بە هەردوو لیستەکەی پارتی بدەن بۆ زیاتر بووژاندنەوەی وەرزش.



جەلال پەریشان پاڵێوراوی لیستی (٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:

# پرۆگرامی ئێمە دروستکردنی شارێکی وەرزشییە لە هەولێری پایتەخت

لیستی ٧٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، چەند پرۆژەیەکی گرنگی بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە هەولێری پایتەخت ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ببێتە خزمەتێك بۆ چینی وەرزشوانان و رۆژنامەنووسانی وەرزشی هەولێر، بۆیە جەلال پەریشان پاڵێوراوی ژمارە (٢٧)ی لیستی (٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پرۆگرامی لیستی پارتی بۆ بواری وەرزش گوتی: هەردەم وەرزشوانان و وەرزشدۆستان و هەوادارانی وەرزشی گلەیی لەوە دەکەن، بۆچی لە هەولێری پایتەخت یاخود یانەی هەولێر یاریگایەگی مۆدێرن یاخود شارێکی وەرزشی لە پایتەخت نەبێت، بۆیە کاری سەرەکیی ئێمە دروستکردنی یاریگەی نێودەوڵەتی

و شارێکی وەرزشییە، ئەمەش لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەبێت، چونکە ئەنجومەنی پارێزگا لە هەڵبژاردەکانی داهاتوو دەبێتە پەرلەمانێکی بچووککراوە، هەروەها بودجەی زیاد دەبێت، بۆیە دەبێت لەم ڕێگایە خزمەتی بواری وەرزش بکەین، جگە لەم شارە وەرزشییە، پەیمان بە وەرزشوانان و تیپە میللییەکان دەدەم، کە یاریگای گەورەیان بۆ دروستبکەین بۆ ئەوەی دووبارە رکابەری و ململانێ بگەڕێتەوە نێو تیپە میللیەکان وەکو ساڵاکانی حەفتاکان و هەشتاکان، کە ئەو کات ئەم تیپە میللییانە لە یانەیەك بەهێزتر بوون، ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی یاریزانی بەتوانا لە داهاتوو، کە بە هاوکاری و پاڵپشتی هەموو لایەك ئەم کارە ئەنجام دەدرێت.

لە درێژەی قسەکانیدا جەلال پەرێشان گوتی: جگە لەم کارانە، پرۆگرامێکی دیکەم هەیە ئەویش خزمەتکردنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان و بەتایبەتی شاری هەولێر لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگا، چونکە هەردەم رۆژنامەنووسانی وەرزشی هەست بە ستەم دەکەن و بچووکترین شتیان بۆ نەکراوە، بۆیە هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاوە پشتگیری لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی بکەم، لە ڕێگەی دابینکردنی گەشت بۆ وڵاتان، هەروەها کردنەوەی چەندین خول و دابینکردنی پێداویستییەکان و پارێزگاریکردن لە مافەکانیان، بۆیە داوا لە گشت ورەزشوانان و وەرزشدۆستان دەکەم لە هەموو کوردستان هەوڵ بدەن رۆژی (٤/٣٠) بکەنە فیستیڤاڵێکی وەرزشی لە ڕێگەی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراق، مەرج نییە دەنگ بە من بدەن گرنگ ئەوەیە دەنگیان بەفیڕۆ نەچێت و دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە خزمەتگوزاری و کوردایەتییە و لیستی هەموو چینەکانی خەڵکە بە بێ جیاوازی، بۆیە گرنگە هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی وەرزشوانان بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن.

جێگەی باسە پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵێکی باڵای هەبوو لە پێشکەوتن و پێشخستنی بواری وەرزشی لە رووی ژێرخان و ئەنجام و پێگەیاندنی وەرزشوانان و پاڵپشتی کردنیان، لەم روانگەیەوە پێویستە لەسەر هەموو وەرزشوانان دەنگ بە لیستی (٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و لیستی ژمارە (٢١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بدەن.

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی لەسەر بایەخدان بە بواری وەرزشی بەردەوام دەبێت، هەوڵدەدات لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر کۆمەڵگای وەرزشی مۆدێرنی نوێ بە پێوەرە نێودەوڵەتی و ئۆلۆمپییەکان دروست بکات**

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی وەرزشی ئاستی وەرزشی لە کوردستان و هەولێر پێشدەخات، لە هەمانکاتدا دەبێتە مایەی ئەوەش کە هەولێر وەک پایتەختی کوردستان میوانداری پاڵەوانێتیە جیهانیەکانی وەرزش بکات**